# کانی لەخوا دەپارێتەوە



تایبەت بەمیدیا/
(ئەی خوا) ناونیشانی بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند (کانی)یە کە لەماوەیەکی نزیکدا دێتە بازاڕ.

سەرچاوەیەک بە(میدیا)ی راگەیاند کە دوایین بەرهەمی کچە هونەرمەندی کورد کانی، کە کۆمەڵێک گۆرانیە بەنێوی (ئەی خودا) کە ناوی یەکێک لە گۆرانیەکانێتی لەئایندەیەکی نزیکدا لەلایەن رادیۆی (نەوا) پەخش و بڵاودەکرێتەوە.

(ئەی خودا) هۆنراوەی فۆلکلۆری رۆژهەڵاتی کوردستانەو، ئاوازی لەلایەن ئیسماعیل سابووری و ئامادەکردن و دابەشکردنی موزیکیشی لەلایەن هەردی عومەرو بەختیار فەتاح ئەنجامدراوە. هاوکات لەگەڵ ئەوە ٤ گۆرانی و پارچە موزیکێکی نوێ بڵاودەکاتەوە کە لەگەڵ ٢ گۆرانی دیکە کە پێشتر تۆماری کردبوو ئەلبومەکەی پێکدێنێت و بەم نزیکانە لە کوردستان بڵاودەبێتەوە.